بۆكان لە مێژوودا(٣١٦) ئەنوەر سوڵتانی

# حەوت دانە شەم، بۆحەوتەمین ساڵی ئەم زنجیرە وتارە

## چەند ڕوونکردنەوەیەک

لەگەڵ ژمارە ٣١٢ ، شەشەمین ساڵی بڵاوبوونەوەی ئەم زنجیرە وتارە کۆتایی پێهات، "بۆکان لەمێژوودا"، خۆی بووە مێژوو و پێی نایە ساڵی حەوتەمەوە!

دەوامی بێ پسانەوەی شەش ساڵەی زنجیرە وتارێکی بەڵگەیی و مێژوویی سووک و سانا بەرهەم نایەت و ئەم کارەش بە بێ یارمەتی دۆست و برادەر و هەندێک شەونخوونی خۆم نەگەیشتۆتە ئەنجام. کاتێ کە دەستم بە نووسینی بابەتەکان کرد هیچ لام وا نەبوو بتوانم ئەوەندەم هیممەت هەبێت کارەکە بگەیێنمە شوێنی ئێستای؛ بەڵام حافز گوتەنی *"طی این مرحله با مرغ سلیمان کردیم"* ئەوە هیممەتی دۆست و هاوڕێیانی خۆشەویستم بوو کە ژێر باڵیان گرتم، دەلاقەی ئاسۆی نوێیان بۆ کردمەوە، لە سەر ڕێگا هێشتیانمەوە و لە قۆناغێکەوە گەیاندمیانە قۆناغی دواتر تا ئەمڕۆ.

ئێستا ئاسۆیەکی گەلێک بەرفراوانتر بۆ ئەم وتارانە لە بەرچاوە و چەشنایەتی بابەتەکانی گەیشتۆتە ڕادەیەک کە دڵنیام ئەگەر نەخۆشی لێیگەڕێت، هەتا ڕۆژی مردنم نایەنە کۆتایی و لێم جیا نابنەوە.

ڕاستە ئەم وتارانە چەقیان لەسەر بۆکان و ناوچەکەی بەستووە، بەڵام جگە لە هەندێک سەرچاوە پشکنینی تایبەت بە ناوی بۆکان، کەمتر بەشێکی ئەو ٣٠٠ وتارە بووە کە تەنیا بۆکانی گرتبێتەوە و لە پەیوەندی مێژووی گشتیتری کوردستاندا نەبووبێت. ئەو کتێب و وتارانەی وا لێرەدا ناسێنراون، سەرچاوەی مێژوویی و ئەدەبی هەموو خاکەکەمانن و بۆ ڕووناکی خستنە سەر مێژووی کوردستان نووسراون؛ منیش هەر بەو ئامانجە خوێندوومنەتەوە و لێرەدا ناساندوومن.

مێژووی ناوچەیی نووسین لقێکی گرنگی مێژوونووسی لە ئورۆپایە. هەر لەو لەندەنەی من لێی دەژیم بە دەیان کەس هەن کە تەمەنی خۆیان تەرخانی لێکۆڵینەوە لە مێژووی گەڕەکێکی تایبەتی شارەکە کردووە و لە سەر ئەو قوژبنە تایبەتەی لەندەن چەند کتێبیان نووسیوە. ئەوە لە هەموو ئورۆپا و ڕۆژئاوا باوە و سەرجەمی کاری ئەو کەسانەشە کە بووە و دەبێتە مێژووی شار و ئینجا وڵاتەکە.

لە نووسینی ئەم وتارانەدا، ئەرکی من بەگشتی بریتی بووە لە پشکنینی کتێب و سەرچاوە و گەڕان بەشوێن هەر زانیارییەکدا کە پەیوەندی بە ناوچەی بۆکانەوە بووبێت. بۆ ئەو ٣١٢ وتارە، زیاد لە ٢٨٠ کتێب یا وتار و لێکۆڵینەوەم خوێندۆتەوە وجگە لە چەند بیرەوەرییەکی خۆم کە ژمارەیان زیاتر لە ١٠ دانە نەبوون (بەشی ٢١٤ تا ٢١٨، ٢٨١ تا ٢٨٩)، پاشماوەیان پشت ئەستوور بە کتێب و بابەتی نووسراوی کەسانی دیکەن. تەنانەت لە نووسینی بابەتی شەهیدانی فیدائی(٣٠٦ تا ٣١٥) دا، گەرچی کەڵک لە کتێب وەرنەگیراوە، بەڵام وتووێژم لەگەڵ ١٩ کەس کردووە و ژمارەی پەیوەندی تەلەفونی یا ئیمەیلی نێرراو یا گەیشتووی دەستم بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکان و ئامادەکردنیان، لە ٢٥٠ی تێپەڕ کردووە! بەکورتی، ویستوومە لەخۆڕا شتێک نەگوترێت و نەنووسرێت، زانیارییەکی بێ بەڵگەش نەدرێتە خوێنەر.

ئەم قسانە بۆیە ناکەم خۆمی پێوە هەڵبکێشم یا ئافەرەم لە کەسێک وەربگرم. بەڵکوو بۆیەیان دەڵێم کە بزانرێت ئەگەر کەسانێک گلەییم لێ بکەن و وابزانن شتێکی بێ بەڵگەم گوتووە، هەندێک بێ ئینسافن. دیارە منیش وەک هەموو خەڵکی ئەم جیهانە، خاوەنی هێڵی فیکری و باوەڕی خۆمم و ئەو بیر و باوەڕەش دەبێ لە نووسینەکانمدا ڕەنگیان دابێتەوە؛ ئەوە یاسایەکی گشتییە بۆ هەموو مرۆڤێک و منیش لێی بەدەر نیم. بەڵام هۆکار و هاندەرم بۆ نووسین لەسەر بۆکان هەر ئەوە بووە کە شارەزای بەشێک لە مێژووی شارەکە هەم وئەو شارەزاییەم سەبارەت بە شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان نییە. بۆ نموونە ئەگەر بمویستایە لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ سەبارەت بە مەهاباد یا سەقزی بن گوێی بۆکان بکەم لە خۆمدا هیچ زەمینە و پێشینەیەکم نەدەبوو و دەبوایە تەنیا پشت بە بۆچوون و هەواڵی ڕاست و ناڕاستی خەڵکانی تر ببەستم. لەکاتێکدا بۆ بۆکان وانییە و بۆنموونە ئەگەر باسی پەروەردە و خوێندن لەبۆکان بکرێت، چ وەک قوتابی و چ وەک مامۆستا ئاگاداری گەلێک ڕووداو و کاروبار و هەروەها دەوری کەسایەتییە فەرهەنگییەکانی بووم و هەڵەشیان دەربارە بکەم، هەڵەیەکی گەورە نابێت.

**کێشەی دەرەبەگایەتی:**

مەسەلەی دەرەبەگایەتی و پەیوەندی ئاغاو ڕەعیەت لە بۆکان. بۆکان تاکە شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بیستبێتم و زانیبێتم تا کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردووش وەک گوندێک بە دەست ئاغاواتەوە بووبێت و خەڵکی شارەکە تا ساڵانێکی زۆر خاوەنی 'عەرصە" ی ماڵ و دووکان و باغ و مووچە ومەزرای خۆیان نەبووبێتن! دیارە باسێکی وا گرنگیش دەبێ لەم وتارانەدا بە چەشنێک ڕەنگی دابێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، من خۆم بە هەڵگری بیری چەپ دەزانم و دژی هەموو شێوازێکی چەوسانەوەم-چەوسانەوەی مرۆڤ بە دیاردەیەکی چەوت و بێ فەڕو شانازی شکێنی هەژاران و کەم دەسەڵاتان دەزانم. لە بابەتی جیاجیای ئەم وتارانەشدا دژایەتی ئاغا و دەرەبەگم کردووە و لام وایە ئەوە کارێک بووە دەبوایە بیکەم. بەشێک لە ژیانم لە سەردەمێکدا تێپەڕ بووە کە هێشتا سیستەمی نگریسی دەرەبەگایەتی لە ژیاندا بوو و ئاغاوات لە بۆکان و دەوروبەری خودایان دەکرد. بەڵام لێرەدا گرنگ یەک خاڵە: هەر شتێکم سەبارەت بەو سیستەمە چەوسێنەرە نووسیبێت، سەبارەت بە سیستەمەکە خۆی بووە، دەنا کێشەی شەخسیم لەگەڵ هیچ ئاغایەک وەک تاکەکەس یا بنەماڵە نەبووە؛ هەموو هەوڵێکیشم داوە باڵانس ڕابگرم وگەلێک قسە هەبووە بیانکەم بەڵام نەمکردوون بۆئەوەی باڵانسی ڕوانینە سیاسی و باوەڕییەکەم تێک نەچێت.

گەلێک جار باسی زوڵم و زۆری ئاغاواتی ناوچەکەم لە سەردەمی کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ [١٩٥٣] کردووە. ئەودەم بۆکان بورکانی ڕاپەڕین و خەبات دژ بە ئاغاوات و پێشڕەوی شۆڕش و ڕاپەڕینی دژی دەرەبەگایەتی لە هەموو ناوچەکە بوو. هەرکەسێک مێژووی ئەو ساڵانە بنووسێت، ناتوانێ باسی ئاگرتێبەردانی ماڵی حاجی قاسمی کەریمی و عەلی میرەبەگ و گرتن و لێدان و زیندانی کردنی ئازادیخوازانی ڕاپەڕیو لە لایەن ئاغاکانی بۆکانەوە نەکات. ناتوانێ باسی هەڵاتنی عەبدوڵڵا ئێرانی و میرزا حەمەڕەئووفی خەیات لە دەست ئەوان نەکات، ناتوانێ باسی تاڵان و بڕۆی سەدان ماڵی خەڵک و دەرکرانیان لە شار و گوندەکان نەکات کە نۆکەر و دارەدەستی ئاغاکان کردیان و دەیان چەشنە زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی دیکەش.... جا ئەگەر چووبێتمە سەر باسی ئەو سەردەمانە، بەشێوەی ئاسایی ئەو خاڵانەشم ڕاگەیاندوون و ئەگەر بەڵگەیەک هەبووبێت، هێناومەتەوە؛ نە درۆم بۆ

کەس هەڵبەستووە و نە کێشە و ناتەباییەکانم گەورە کردۆتەوە. لەهەموو ئەو باسانەدا، بۆ من تەنیا ئەوە گرنگ بووە کە سیستەمە چەوسێنەرە ئاغا وڕەعیەتییەکە مەحکووم بکەم و هەرگیز نەبووە پلەی بابەتەکان بهێنمە خوارێ و بیانخەمە گۆڕەپانی کێشەی شەخسی لەگەڵ ئەم وئەوەوە. هەرگیز ناوی کەسێکم بە خراپ نەهێناوە و قەڵەمم بە جنێو و سووکایەتی ئەشخاس گڵاو نەکردووە.

بەڵام ڕاست لەو کاتانەدا کە دژایەتی ئاغاوات و دەرەبەگانی بۆکانم- وەک دیاردە، کردبێت، ڕێزی زۆرم بۆ هەندێک لەو ئاغاواتە، وەک نەمر حاجی ڕەحماناغا ی موهتەدی، هەبووە. کاک سەلاحی موهتەدی و کاک سوارەی ئێلخانیزادەم بە مامۆستای کوردایەتی خۆم زانیوە ، برایم ئاغای ئێلخانیزادەم لە دڵەوە خۆش ویستووە، کاک سەعدم بە خەباتکار زانیوە و نەوەی دواتری ئەوانم بە شۆڕشگێر و خەباتکار ناسیوە و ڕێزم لێگرتوون و تەنانەت بەوە نارەحەت بووم کە مڵک وماڵیان لەلایەن پاسداری عەجەمەوە زەوت کراوە و بەشێکی زۆریان تووشی ئاوارەیی و دەربەدەری هاتوون... بە کورتی هەرگیز ئیجازەم نەداوە باوەڕم بە خەباتی دژی چەوسانەوە بگاتە ڕادەیەکی وا نزم کە تێکەڵاوی ڕق و کین و نەفرەت لە تاکەکەس بێت و ببێتە هۆی چەواشەکاری مێژوو وسەرلێشێوانی خوێنەر.

هەر بۆیەش، گلەیی و بناشتی هەندێ کەس ناتوانێ ڕاست بێت و ئەو حەقیقەتە بشارێتەوە کە من هەر ئەوانیشم لەدڵەوە خۆش دەوێت و کێشەیەکم لەگەڵ هیچکامیان نییە. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا گەلێک بەڵگەم بۆ نموونە لە ناو بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا دەست کەوتووە کە دژ بە ئاغاکانی بۆکان بوون، بەڵام نەمخستوونەتە توێی کتێبە چاپکراوەکەمەوە و بڵاوم نەکردوونەتەوە بۆ ئەوەی 'باڵانس' ەکە تێک نەچێت، کارەکە لە ڕادەی مەعقوولی توێژینەوە تێپەڕ نەکات و نەبێتە کێشەی دژایەتی و دوژمنایەتی تاکەکەسی. بەوە زۆر دڵگیرم کە بیستوومە هەندێک لە ئەندامانی بنەماڵەی ئاغاکانی بۆکان مەسەلەکەیان بە تاکەکەسی وەرگرتووە و هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە یا وەڵامدانەوەیان کردووە. من هەمیشە پێشوازی دەکەم لە ڕەخنە و نووسین و ڕوونکردنەوە لە لایەن هەرکەسێکەوە بێت و ئەو ڕەخنانە بە پێخۆشییەوە وەردەگرم و نەک هەر بەرپەرچیان نادەمەوە بەڵکوو بە بێ دەست تێوەردان بڵاویان دەکەمەوە، مەگەر کەسانێک بیانەوێت بیکەنە کێشەی شەخسی و بنەماڵەیی و هێرش بکەنە سەر خزم و کەس وکارم، هیوادارم ئەوانیش ڕادەی ڕەخنەیان ئەوەندە نەهێننە خوارێ و نەیگەیێننە پلەی تۆمەت و ناوەنیتکە و هەڕەشە و جنێو- کارێک کە گەرچی پێشم ناخۆش بێت بەڵام لەبەرانبەریدا دەوەستم.

**ناوچەگەری:**

لایەنێکی دیکە کە پێویستە باسی بکەم ئەوەیە هەمیشە خۆم لەوە دوور خستۆتەوە کە بە ناوی نووسینی مێژووی بۆکانەوە مێژووی شارەکانی دەوروبەر بشێوێنم. باسی مامۆستا هەژار و پەیوەندییەکانیم لەگەڵ بۆکان کردووە بەڵام دەست بەجێ گوتوومە هەژار خەڵکی مەهاباد و بەشێک لەمێژووی شاری مەهابادە. سەبارەت بە مامۆستیا هێدی بە هەمان شێوە. ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لە نێوان سەقز و بۆکاندا هاوبەشە و هەر قسەیەکم سەبارەت بەو ناوچەیە و خەڵکەکەی کردبێت، نەمویستووە وەک تەشوێ بۆلای بۆکانی دانەتاشم و مێژووی شاری سەقزی پێ بشێوێنم. دەرحەق بە کەسایەتییە بۆکانییەکانیش وا بووە لێرە ولەوێوە بەڵگەی ئەوتۆیان بۆناردبێتم کە بڵاوکردنەوەیان دەیتوانی فڵانە شاعیر و ناوبەدەرەوەی شارەکەی پێ سووک بێت، هەربۆیەش هەرگیز ئەوانەم بڵاو نەکردۆتەوە. بۆنموونە، لاپەڕەی ڕۆژنامەی ئیتیلاعاتم لە لایە کە باسی نوێنەرێکی شاری بۆکان لە مەجلیسی شوڕای ئێرانی

کردووە داوای چەکی کردووە دژ بە ڕاپەڕیوەکانی ئێران بەکاری بهێنێت؛ بەڵام بڵاوم نەکردۆتەوە لەعەینی کاتدا ئەگەر هەمان مەسەلە لە وتاری کەسێکی دیکەدا ڕەنگی دابێتەوە، سانسۆرم نەکردووە و لێیگەڕاوم بڵاو ببێتەوە لەبەر ئەوەی کارەکە لە پەیوەندی کەسێکی دیکەدا بووە و ئەوەش مافی خۆی بووە باسی لێوە بکات یا نەیکات.

**سپاس و پێزانین**

هەرچۆنێک بێت، ئێستا ئەم وتارانە جێگەی خۆیان کردۆتەوە و خوێنەری خۆیان دۆزیوەتەوە، منیش بەوە دڵگەرمم و ئەوەندەی بتوانم درێژەیان پێ دەدەم. ئەم کارە هەر لە سەرەتاوە تاکەکەسی نەبووە و زیاد لە ۲۰۰ بەشی وتارەکان برایانی بەڕێزم کاک برایم فەرشی و کاک نادر فەتحی تایپیان کردوون و کاک نادری خۆشەویست وابووە هەندێکیانی دووجار و سێ جار گۆڕیوە و دوای پێداچوونەوە و هەڵەبڕی سەرلەنوێ لە سەر ماڵپەڕەکەی داناوەتەوە. بۆ هەموو ئەو زەحمەتانە سپاسی هەردوولایان دەکەم و منەتباریانم.

جگە لەوان، زۆرێک لە دۆست و برادەری ناسیاو پەیوەندیان پێوە گرتووم، هەڵەیان ڕاست کردوومەتەوە و زانیاری زیاتریان لە سەر بابەتەکان پێداوم. بە بێ ئەو یارمەتی و پشتگیرییانە، ئەم بارە نەدەگەیشتە ئەم قۆناغە و بە بێ ئەو هاندەرانەش درێژەی ڕێگا بۆ من گونجاو نەدەبوو. لە ڕاستیدا ئێستا ئەم زنجیرە وتارە بۆتە سەکۆیەک بۆ ڕادەربڕین و هاوکاری کردنی خەڵکانێکی زۆر و مۆرکی تاکەکەسیی منی کەمتر پێوە دیارە.

لەهەموان گرنگتر، سپاسی زۆرم هەیە بۆ خوێنەرانی بەڕێزی وتارەکان. لەو ماوەی شەشساڵەدا گەلێک ئیمەیل و تەلەفون و نامەم لە خوێنەرانەوە گەیشتۆتە دەست کە ڕێنموونییان کردووم و هەڵەی قەڵەمیان گرتووم، منیش بە پێخۆشییەوە پێشنیارەکانیانم بە جێ گەیاندوون. ئەوانە هاندەرێکی گەورەن و من لە سەر ڕێبازەکەم سوورتر دەکەن.

هیوادارم لێرە بەدواوە ئەو یارمەتی و یاریدەیە زیاتر بێت و بە هیممەتی ئێوە، ماتریاڵێکی تێروتەسەل بۆ نووسینی دواڕۆژی مێژووی ناوچەکە گردوکۆ بکرێت. من لام وانییە خۆم فریای ئەوە بکەوم لە ئەنجامدا وتارەکان بکەمە کتێب و بڵاوی بکەمەوە، هەربۆیەش مۆڵەت دەدەمە خەڵکانی شارەزا و پسپۆڕ کە لە دواڕۆژدا بۆ نووسینی مێژووی سەرجەمی ناوچەی بۆکان کەڵکیان لێ وەربگرن، دیارە بەڕاگەیاندنی سەرچاوە، کە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان بێت.

هەر ئەوەندە و ئیترتا هەفتەیەکی دیکە و درێژەی وتارەکان، سپاسی دووبارەم بۆ هەموو ناسراو و نەناسراو و هەموو خوێنەرانی "بۆکان لەمێژوودا". سەرکەوتووبن.

**درێژەی هەیە**